سەرنجێ لە نووسینی کوردناسە ئینگلیزەکان لە پاش شەڕی یەکەمی جیهاندا

د. أحمد عثمان أبوبكر
کۆلێجی ئەدەبیات زانکۆی بەغدا

مەبەستمان لە ووشەی کوردناس لەم ووتارەدا هەرکەسێکە کە ئاگای لە کاروبارو وولاتی کورد بوویێت، هەروەها ئەو کەسانەش شتێکی بەرچاویان لە ڕووێك یان لە لایەنێك لە لایەنەکانی باسی کوردناسیدا نووسیبێت یان شوێنەوارێکیان لە بەشێك یان لە بابەتێك لە بابەتەکانی کوردناسیدا بەجێ هێشتبێت.(1)

لێرەدا ئێمە سەرنجێك لە کاروکردەوەی ئەو کوردناسە ئینگلیزانە دەدەین کە لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانیدا دەرکەوتوون و لەو بڕوایەش داین کوردناس مەرج نی یە زمانی کوردی بزانێت، واشی بە چاك دەزانین کە جوغزی باسەکەمان وەتەنگ بێنین و وابکەین تایبەتی بێ تەنیا بەو کەسانەی بەر لە پەیمانی سیڤەری ساڵی 1920 لە کاروباری کوردی دوواون یان لەسەریان نووسیوە، بێگومان ئەوانەش کە لە سەردەمی ژیانی خۆیاندا یان لەم ڕۆژانەدا هەندێ ناوبانگیان دەرکردبێت زۆر نین (هەر کەمێکیان ئێجگار بەناوبانگن)، بەڵام دەتوانین بڵێین هەندێ بەرهەمی ئەو کوردناسانە بەگشتی نەناسراون یان بە ووردیو ڕوون و ڕەوانی باس نەکراون، جگە لەوەش وا پەسەند دەکرێت ماوەی لێکۆڵینەوەکەمان لەمەش تەسکتر بکەینەوە ،چونکە ئامانجمان ئەوە نی یە لە هەموو ئەو ئینگلیزانە بدوێین هەر لە کۆتایی شەڕی جیهانی یەوە تا ئێستا، بەڵکو بە ماوەی دوو ساڵی پاش شەڕەکە ئیکتیفا دەکەین، سەرباری ئەوەش دەمانەوێ بە تەنیا دوو کەسیان کە مێجەر نۆئیل و ج. ر درایڤەرن باس

بکەین، لەدواییشدا ماوەی باسەکەمان تەسکتریش دەبێتەوە کە ناچار دەبین تەنیا بە دەست نیشان کردنی بەرهەمێك لە بەرهەمەکانی ئەوەی دووامینیان وازبهێنین. بەو هیوایە شتێك باس بکەین هێشتا لام وابێ زۆر باس نەکراوە یان بە تەواوی باس نەکراوە، هەروەکو لە دواییشدا دەردەکەوێ ئەو لایەنەی تا ئێستا زۆرکەم نەبێ روون نەکراوەتەوە کردەوەکانی میستەر درایڤەری کوردناسە کە بەتەواوی‌و پر بە پری پێویست نەناسراون، بەتایبەتیش ئەو لێکۆڵینەوە یان ئەو راپۆرتەی - وەکو خۆی ناوی لێ‌دەنێ - کە نوێەرەی نووسینەکانیتی لەم بوارەداو رەنگبێ لە رووی سەرچاوەو کەڵك بەخشینەوە بە چاکترین بەرهەمی ئەو بژمێردرێت.

بەڵام دەبێ یەکەوەهەل دەست بە باسی نووسینەکانی مێجەر نۆئێل بکەین نەك هەر لەبەر ئەوەی کە بە دۆستی کورد دادەنرێت بە تایبەتی وەکو لە نووسینەکانی خۆی‌دا ئەوەی پیشان داوە، بەڵکو بە تایبەتی چونکە درایڤەر سوودی لە نووسینەکانی ئەو وەرگرتووەو کردوونی بەسەرچاوەو لە گەلێك بواردا شتی لێ وەرگرتوون. مێجەر نۆئێل چوار نووسینی کورتی لێ بەجێ‌ماوە:

یەکەم: یادداشتێکی بلاونەکراوە دەربارەی گەشتێك کە لە زستانی ساڵی 1918ەوە تا بەهاری ساڵی 1919 لە ناوچەکانی کوردەواریدا کردوویەتی.

دووەم: لێکۆڵینەوە (یان راپۆرتێك) بەناوی تێبینی‌یەك لە حاڵی کورد، ئەمەش لێکۆڵینەوەیەکی بەکەڵك و رەسەنە.

سێیەم: یادداشتێك دەربارەی گەشتی دووەمین جاری لە ناوچەی کوردەواری‌ی ئەنادۆل دا لە حوزەیرانی ساڵی 1919ەوە تا دوا دوای ئەیلوولی هەر ئەو ساڵە. ئەم کتێبەش لەوانەیە گەورەترین کتێبی نۆئێل بێت کە 76 لاپەرەی قەبارە گەورەیە بە چەندین وێنەی هەتاوی رازاوەتەوەو ناوی عەشیرەت و مێژووی بنەماڵەی بەدرخانی‌و باسێکی لەسەر پەندی پێشینانی ناوچەی هەکاری تێدایە.

چوارەم: راپۆرتێك دەربارەی ئەو رووداوانەی کە بوونە هۆی گیرانی نۆئێل بەدەست چەکدارانی جنگلی لە ئێراندا، جگە لە چەند راپۆرتێکی هەمە جۆری تر.

ئەوەی دەربارەی کردەوەی کوردناسە ئینگلیزەکانی دوای یەکەم شەری جیهانی تا ساڵی 1920 پێویستە بگوترێ ئەوەیە زوربەیان لە شێوەی راپۆرت دایە، واتا بریتین لەو هەواڵ وا ئاگادارییانە کە - هەندێ جار لەنزیکەوە - دەربارەی کاروباری ناوچەکەو هەڵسوکەوتی عەشیرەتە کوردەکان و هەڵوێستی سیاسی بەگشتی دەستیان کەوتووە، ئەم راستی‌یەش کردەوەکانی مێجەر سۆنی بەناوبانگیش دەگرێتەوە نە خسووس ئەو راپۆرتانەی کە دوای شەری یەکەمی جیهانی نووسیونی‌و ئەو چالاکییەش کە لە رۆژنامەنووسی‌ی کوردیدا نواندوویەتی، هەروەها کتێبەکەی کاپتان های (دوو ساڵ لە کوردستان) دەگرێتەوە سەبارەت بەوە کە لێکۆڵینەوەو یادداشتە دەربارەی ناوچەی کوردەواری لەو ماوەیدا هەر بەم جۆرەش لۆنگریگ و مس بێڵیش.

لە لایەکی دیکەشەوە، هەقی ئەوەمان بەدەستە چەند کەسانێکی تر بخەینە پاڵ کوردناسەکان، با نووسەرو لێکۆڵەرەوەش نەبن، وەکو لۆرد کیرزنی وەزیری ناوداری دەرەوەی بەریتانیا، چونکە کە بەڵگەنامە سیاسی‌یەکانی دەرەوەی بەریتانیا لە ماوەی دوای شەرەکە بخوێنینەوە بۆمان دەردەکەوێ ئەم لۆردە جگە لەوەی خاوەن کتێبە ئاگاداریشی لە مەسەلەو کاروباری کوردیدا کەم نی‌یە، بەڵام لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆری نامەو برووسکەنامەکانی لە بابەت کاروباری کوردی‌یەوە لە دوای شەر هێشتا بلاو نەکراونەتەوە بۆیە وا دەخوازێت باسکردن و کۆڵینەوە لە نووسینەکانی بۆ بۆنەیەکی تر هەڵبگرین، هەر لێرەشدا راست نی‌یە ئەرنولدو لسن و مس بیل و هاو وێنەکانیان لە بیربکەین.

ئامانجیشمان لەم باسە تەنیا پێشکێش کردن یان کۆڵینەوە لە نووسین و بەرهەمی ئەو کوردناسانەیەو بەلای ژیانی خۆیانەوە ناچین مەگەر ئەوەی پەیوەندی بەو نووسینانەوە هەبێت کە سەرچاوەیەکی رەسەنی مێژووی کوردی ئەو ماوەیەن.[3]

نووسینەکانی درایڤەر بە بەشێکی تەواوکەری کردەوەی ئەوانی

تر دادەنرێت و شوێنێکی باشی لەنێو ئەوانەدا بۆ خۆی داگیر کردووە، بەتایبەتی لێکۆڵینەوە یان راپۆرتەکەی کە بەناوی (کوردو کوردستان)ە[4] بە تەواوکەرو روون کەرەوەی نووسینەکانی مێجەر نۆئێل و هی تر دادەنرێت. کەوابێ لەم لایەنە شەوە بایەخی لێکۆڵینەوەکەی درایڤەر دەردەکەوێت.

درایڤەر - هەروەکو خۆی دیاری کردووە - یەکێک بووە لە کارگێرو بەرپرسیارەکانی بەریتانیا لە رۆژهەلاتی ناوەراست و فەلەستین، پاشان لە کۆلێجی ماجدولینی زانکۆی ئۆکسفورد لە دوا سالی 1920 دامەزراوە لەوێ چەند باسێکی نووسی وەکو (ئاینی کورد)و (باسێک لە مێژووی کورد)و... تاد یەکەم باسیشی وەکو گوتمان (کوردو کوردستان)ەکەی بە ئینگلیزی لە سای 1919دا لە فەلەستین چاپ کراوە، دانەیەك لەم کتێبە کە ئێستا لە موزەخانەی بەریتانیا دایە بە قەلەم سالی 1920ی لەسەر نووسراوە بەلام لە ناواخنەکەیدا دیارە کە درایڤەر لە هاوینی 1919دا دەستی بە نووسینی کردووە، هەروەها لە لیستەی سەرچاوەکانی کتێبی (عیراق 1900 - 1950)ی لۆنگریگ دا دیارە کە سالی 1953 لە لەندەن چاپ کراوە نووسراوە لە سالی 1919 دەرچووە، هەروەها کتێبی (کورد ماف)ی رامبۆش کە سالی 1948 چاپکراوە، سالی 1919ی بە سالی دەرچوونی کتێبەکە چەسپاندووە.

ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکەی (کوردو کوردستان):

ئەم نامیلکەیە لە پێشەکییەکی بچووك و سێ بەش پێکهاتووە.

پێشەکی: ئەویش دوو بەشە:

أ. بەشی یەکەم: ناوی (کوردو کوردستان)ە کەوا چوار پەرتە:

1 - کوردستان و سنوورەکەی

2 - کوردستانی باکوور

3 - کوردستانی باشوور

4 - کورد.

ب - بەشی دووەم: ناوی (عەشیرەتە کوردەکانە)و لەم پەرتانە پێکهاتووە:

1 - کوردی دەوروبەری ئورفە

2 - کوردی عەشیرەتی مللی

3 - کوردی تورعابدین و نسێبین

4 - کوردی کوردستانی باکوور

5 - کوردی ناوچەکانی ئەرزەرۆم و گۆمیوان

6 - کوردی کوردستانی باشوور.

7 - کوردە یەزیدییەکان.

ج - بەشی سێیەم: بە ناوی (جوولانەوەی کوردایەتی)یە ئەویش دوو پەرتە:

1 - مێژووی جوولانەوەکە

2 - رەگ و سەرچاوەو هۆیەکانی جوولانەوەی کوردایەتی.

بەشی دووەمیش پاشکۆیەکی Appendix بەناوی عەشیرەتە کوردەکانی دەرەوەی کوردستانی لەگەڵە ئەویش سێ پەرتە:

1 - عەشیرەتەکانی نێوان ئەرزەرۆم و سیواس و مەرعەش

2 - عەشیرەتەکانی ئەنەدۆل.

3 - عەشیرەتە کوردەکانی سووریە.

پێشەکییەکە:

درایڤەر لە پێشکەکییەکەدا ناوی لێکۆڵینەوەکەی بە راپۆرت دەباو دەڵێ سوودی لە ژمارەیەك سەرچاوە وەرگرتووە، لەوانە راپۆرتی کاپتەن وولی و مێجەر نوئێل و لێکۆڵینەوەی سێرمارك سایکس دەربارەی عەشیرەتە کوردەکانی دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها پشتی بە کتێب و راپۆرتە رەسمییەکانی بەریتانیا بەستووە کە لە سالانی شەردا دەرچوون. خۆی لای وایە شتی تازەتر لەبارەی عەشیرەتەکانەوە زانراوەو هەر لەو دەمەشدا پێی

لێدەنێ کە دەبێ پشت بە باس و لێکۆڵینەوەی زیاتر ببەستێ تا ئەو زانینانە تەواوتر بن.

بەشی یەکەم: -

درایڤەر کە باسی وولاتی کوردان دەکا دەڵێ وولاتێکی بەرفراوان و چیایی‌یە، پاشان سنوورەکەی دەست نیشان دەکات و لای وایە زوربەی عەشیرەتە کوردەکان لە چیا دادەنیشن و لەو بروایەدایە عەشیرەتی کورد ژیانی دامەزراوی‌و کشتوکاڵی پێخۆشەو پەسندی دەکاتن. بەڵام کە دەڵێ ناوچەی (وان) هەمووی ئەرمەن نشینە بەهەڵە چووە. پاشان باسی دابەشکردنی ناوچە کوردی‌یەکان دەکا لەلایەن بەڕێوەبردنەوە لە سەردەمی عوسمانی‌یەکاندا. ئنجا کەمێك بە پولوپۆ تر لە کوردستانی باکوور دەدوێ‌و لای وایە هەرێمی خوارووی کوردستانی باکوور زوربەی زۆری دانیشتوانی تێدایەو بەناوبانگترین عەشیرەتەکانیش لەو بەشە دادەنیشن. کوردەکان لە زۆربەی ئەم ناوچانەدا دامەزراون و بە پیشەسازی بەناوبانگن، مەبەسیشی خەڵکی دیاربەکرو ئورفەو ماردین و وێران شەهرو دەوروبەرەکانیانە. درایڤەر دەڵێ: عەشیرەتی داکشوری‌و تامێکی بەناوبانگ و دامەزراون چونکە لە تەنگانەدا مەسیحیەکانیان دەپاراست.

کوردستانی باشووریش لە خوارووی گۆمی وانەوە تا شاری مەندەلی درێژ دەبێتەوەو ئەم هەرێمە بە لانکی گەلی کوردی نەوەی گەلی کۆنی کوردوینی دادەنرێت، هەندێ لە شارەکانیشی ئەمانەن: جزیر، زاخۆ، ئالتون کۆپری، ئەربیل، کەرکوك، ڕەواندز، سلێمانی، کۆیە. دەڵێ کوردەکانی کەرکوك بە زار زمانی موکری قسە دەکەن. لەلایەکی تریشەوە لەو بروایەدایە کە ئەو زمانە کوردی‌یەی پێی دەڵێن کرمانجی زار زمانێکی فارسی‌یە، هەروەها دەڵێ ڕاپۆرت و نووسینەکانی خەڵکی بیانی ڕەووشتی کورد بەچاك دەزانن و جوتیاری کورد ڕەنجبەرێکی چاکەو گەلێ خاوەن پیشەو ئاسنگەری کارامەیان تێدایە، کوردەکان میوان پەروەرن و بەرچاو بەر دڵ فراوان و شەرکەری لێهاتوون، حکومەتی عوسمانی توانیویە لەو هەموو ڕەووشتە پەسندانە کەڵك وەربگرێت.

درایڤەر دەڵێ لە قۆناغی دوای ساڵی 1866دا کوردەکان چ جووتیارو چ شار نشینەکانیان لە عیراقدا ناویان دەرکردو پلەی کاریگەرییان هەڵکشاو چەند پیاوێکی پایە بەرزیان لێهەڵکەوت، لەو بروایەشدایە کە لوری ئێران لکێکی گەلی کوردە.

کەدێتە سەرباسی سەرۆکە کوردەکان ناوی جەنراڵ شەریف پاشای بەناوبانگ دەبات و دەڵێ ئێستا (ساڵی 1919) وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی‌یە. بێگومان ئەمەش ڕاست نی‌یە، بەڵکو شەریف پاشا کە سەفیر بوو لە سوێد، لە ئەورووپا نیشتەجێ بوو بوو، سەرۆکی وەفدی کوردیش بوو بۆ کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس لەو ساڵەدا، دیارە ئەو جۆرە هەڵە بچووکانە شتێکی ناسروشتی نی‌یە بەتایبەتی کە درایڤەر بە ماوەیەکی کورت دوای شەڕەکە لێکۆڵینەوەکەی خۆی نووسیوە.

پاشان باسی ناودارێکی دیکەی کورد دەکات کە ناوی زەکی پاشای بە (حەلەبی) ناسراوەو ببوو بە سەرۆکی ئەرکانی سوپاو وەزیری ناوخۆ، لە دواییدا بووە یاوەری قەیسەری ئەلمانیا.

جووڵانەوەی کوردایەتی: -

درایڤەر دەنووسێ: جووڵانەوەی نیشتمانی‌ی کوردی لەلایەن ثورەییا بەگ (ئەحمەد ثورەییا)ی بەدرخانی‌یەوە لە ساڵی 1908 (ساڵی شۆرشی دەستووری لە تورکیا) سەری هەڵدا. لە ساڵانی شەڕەکەدا جووڵانەوەکە کەمێ کز بوو، بەشێکیش لە کورد لەگەڵ حکوومەتی عوسمانیدا هاوکاریان کردو هەندێکیشیان دژی ئەرمەنەکان وەستان. لەلایەکی تریشەوە دەڵێ زوربەی کوردەکان لە ڕاستیدا دژی حکومەتی عوسمانی

وەستان بەتایبەتی لە پێنج ساڵی دواییدا (1914 - 1918) لەم بوارەدا بە تایبەتی باسی سەرۆکەکانی عەشیرەتی بازیکی کورد دەکات.

لە کوردستانی باشووردا سێ هۆ هەبو بۆ بەهێزبوونی جووڵانەوەی رزگاریخوازی کوردی، درایڤەر لە پەراوێزی ئەم شوێنەدا دەڵێ: کاتێك کە قونسوڵی ئینگلیز لە تەبریز لە ناوچەی سابلاغ (مەهاباد) دەگەڕا سەرۆکێکی کوردی موکری ئاوات و بیرو لێکدانەوەی کوردە سەربەستەکانی پێ راگەیاندووەو کوتوویەتی کەوا کوردستانی سەربەست چاکترین رێگەیە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی ئەرمەن بە ئاشتییانەو بە یاریی حکومەتی بەریتانیا.

لەبابەت ئەو هۆیانەش کە کاریان کردوەتە سەر بەهێزبوونی جووڵانەوەی کوردایەتی لە کوردستانی باشووردا، درایڤەر دەنووسی: هۆی یەکەم بێزاریی کوردەکان بوو لە سیاسەتی زۆردارانەی عوسمانییەکان، هۆی دووەم کردەوە ناشیرینەکانی سەربازانی رووس و سێیەمیش هەڵویستی بەریتانیەکان بوو کە کورد دەیان ویست سوود لە هەڵوێستیان وەربگرن.

درایڤەر هەندێ نموونەی کردەوەی کاربەدەستانی عوسمانی باس دەکات و دەگێڕێتەوە پیاوێك بەناوی مستەفا پاشای باجەلان کەسەرداری کوردە باجەلانییەکان بوو لە ساڵی 1912 بەگومانی ئەوە لایەنگری ئینگلیزە ماوەیەك گیرا، هەروەها دەڵێ لە ساڵی 1914دا جەنرال شەریف پاشا رایگەیاند ئەگەر شەڕ قەوما ئامادەیە یاریی سوپای ئینگلیز بکات، بەڵام گوێ بە پێشنیازەکەی نەدرا چونکە وا چاوەڕوان نەدەکرا شەڕ کوردستان بگرێتەوە. ئەم جۆرە هەڵوێستانە روونی دەکەنەوە کە هەندێ کوردی سەربەست لەتاو هەڵوێستی بەدی عوسمانییەکان پشتگیریی ئەو جۆرە رایەیان دەکرد.

لەجێیەکی دی بەبۆنەی ناوهێنانی شێخ مەحموودەوە دەڵێ بەداخەوە ئەوان - واتا ئینگلیز - نەیانتوانی هەتاسەر دۆستایەتی لەگەڵ دۆستە تازەکانیان واتا شێخ مەحموودو لایەنگرانی بپارێزن، لەوانەیە درایڤەر لەناو ئەو ئینگلیزانەدا تەنیا کەس بێ کە بەم وێنەیە لەم بابەتەوە رای خۆی دەربڕێت. پاشان دەڵێ، لە تشرینی دووەمی 1918دا مێجور نۆئیل نێردرایە سلێمانی، ئەویش یەکسەر شێخ مەحموودی بە حوکمدار دامەزراند، حاکمی مەدەنییش لە یەکی کانوونی یەکەمدا بە فرۆکە چوو بۆ سلێمانی و لەوێ کۆنگرەیەکی بەست 60 سەرۆکی کوردی تێدا کۆکردەوەو باری سیاسیی تازەی لە مەدوای تێگەیاندن.

لێرەدا دەرکەوت کە هەستی نیشتمانپەروەری قووڵ و رەگ داکوتاوەو پاش وتووێژێکی دوورو درێژ رێککەوتن لەگەڵیان پێك هات.

درایڤەر دەست نیشانی بانگاشەی فەرەنساییەکان دەکات و پاشان دەنووسێ:

پاش شەڕی گەورە جووڵانەوەی نیشتمانی لە کوردستانی باشوور سەرلەنوێ گڕی سەندەوە.

لێرەشدا پێویستە رواڵەتێکی دەگمەن باس بکەین، ئەوەبوو هەندێ لە کاربەدەستە ناوەدارە عوسمانییەکان لە جووڵانەوەی کوردایەتیدا بەشدارییان دەکرد، وەکو عەلی ئیحسان پاشاو هەندێ سەرکردەی حیزبی (یەکێتیو سەرکەوتن)، ئەم عەلی ئیحسان پاشایە سەر لەشکری سوپای عوسمانی بوو لە ویلایەتی مووسڵ لە کوردستانی باشووردا لە رۆژانی دوایی شەڕی جیهانیدا. بەقسەی درایڤەر عەلی ئیحسان پاشاو کاربەدەستانی تورکی شاری خەرپوت لە کانوونی دووەمی 1919دا کوردەکانیان هان دەدا تا لە کۆنگرەی ئاشتیی کە لەو رۆژانەدا لە پاریس دەبەسترا داوای مافی رزگاریی خۆیان بکەن. عەلی ئیحسان سەری لە سەرۆکە کوردەکان دەداو بۆ ئەم داخوازییانە گفتوگۆی لەگەڵ دەکردن و لە دژی بێگانانی دەوروژاندن، هەروەها چەك و تفاقیشی دەدانێ. نووسەر دەڵێ ئەم سەرکردە عوسمانییە تەنانەت پێش شەڕیش پەیوەندی بەو گەورە کوردانەوە هەبوو وبەیەکێك لە بەرپرسیارانی قەسابخانەی ئەرمەنییەکان دەژمێردری. ئەوەبوو لە دوا دوای کانوونی

دووەمدا نیشانەی راپەرین و جوولانەوە لەناو کوردەکانی دیاربەکر دیاری دا ئەمەش هەر بە هۆی چالاکی یە گەرموگوڕەکانی عەلی ئیحسانەوە بوو کە تەنیبوەوە ئەم هەرێمەش.

درایڤەر لەسەر قسە دەڕوات و دەڵێ: ئەگەرچی عەلی ئیحسان لەسەرەوە لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستان دا کاری دەکرد بەڵام لە ژێرەوە مەبەستی جێ پێ لەق کردن بوو بە دەسەڵاتی دەوڵەتانی هاوپەیمان لەوێدا.

کەوا هیوای ئەوەی دەکرد نەیەڵێ ئەو دەوڵەتانە کوردستان داگیر بکەن، بەشکو لەم رێگەیەوە بەزەبری هێز بتوانێ وڵاتەکە بخاتەوە سەر دەوڵەتی عوسمانی.

هەر لەو مانگی کانونەدا، سێر مارك سایکس دوو نوێنەری ناردە ناوچە کوردییەکانی مدیات و توور عابدین بۆ ئەوەی

هەر لەو مانگی کانونەدا، سێر مارك سایکس دوو نوێنەری ناردە ناوچە کوردییەکانی مدیات و توور عابدین بۆ ئەوەی وێبکەوێ ودڵنیا بێت ئایا کوردەکان یاریی ئینگلیز دەکەن و تاچەند دەتوانن دوور لە عەلی ئیحسان و دوور لە ئامانجەکانی بووەستن. لەم رووەشەوە دوو سەرۆکی کورد کە عەلی باطی مزیری و رەشید مدیاتین لایەنگیریی خۆیان پیشان داو رایان گەیاند کە دەتوانن 5000 چەکدار بۆ رۆژی مەیدان ئامادە بکەن و ملیان بۆ قایمقامی مدیات کەچ نەکردو سکالانامەی سەربەخۆیی کوردستانیان مۆر نەکرد. بەڵام درایڤەر سەرباری ئەمە دەڵێ: هەڵوێستی عەشیرەتەکانی دراوسێی ئەم دووانە تەواو بە پێچەوانەوەبوو ئەمەش چونکە عەلی ئیحسان پەیوەندیی توندوتۆڵی پێوە کردبوون. پاش بیستنی ئەم هەواڵە سێر مارك سایکس ئامۆژگاری ئەم دووانەو عەبدولعەزیزو ملکی ئاغای کرد کە بەهیچ جۆرێك توخنی عەلی ئیحسان نەکەون و ئاگایان لە دیانەکان بێت. ئەمانیش هەموو بە قسەیان کرد.

درایڤەر هەروەها دەڵێ: حیزبێکی نوێ پەیدابوو دروشمی (سەربەخۆیی کوردو تورك)ی هەڵگرتبوو بەو ئامانجە ئەگەر کورەکان نەچوونە ژێر باڵی ئیمپراتورییەتی تورك کارێکی وابکەن نەهێڵن وڵاتەکەیان بچێتە ژێر دەسەڵاتی بێگانەوە.

لە دیاربەکریش کوردێکی (عەلی بەگ) ناو هەوڵی دا بە پرس ورای عوسمانییەکان رۆژنامەیەك دەربکات کە ببێتە ئۆرگانی ئەو حیزبە نوێیە.

پاش ئەمە، سەرەك عەشیرەتی کوردی کتکان بسراوی کە لەگەڵ کوردەکانی شێخان هاوسوێند بوو لەبەر ئەو مەترسی یە نوێیە پەنای بردە بەر ئینگلیزەکان، بەڵام سەرۆکەکانی تر هەڵوێستیان بەجۆرێکی دی بوو. بسراوی ناوی مستەفای کوڕی شاهێن بەگ و بۆزان کوڕی نەحوی و حاجی ئەحمەدو غالیب بەگ و کوڕەکانی دەهێنێ کەوا دووبەرەکی دەنێنەوەو ئاژاوەو هەرا بەرپا دەکەن و لایەنگیری بەهێزی دەوڵەتی عوسمانین. پاش چەند حەفتەیەك جوولانەوە تازەکە پەلی هاویشت و هەندێ سەرۆکی تریشی گرتەوە، تەنانەت عەلی باتیش هەر ئەو داخوازیانەی دەگوتەوەو ئەو هەڵوێستەی پیشان دەدا. بەڵام هەر لەو دەمەشدا کوردەکانی ناوچەی سعرت لە خوارووی گۆمی (وان) راست بوونەوەو پەلاماری حکومەتیان داو دوو رەشاشیان داگیر کرد. بەم جۆرە هەندێ هۆز بەجەرگانە لە رووی حکومەتی عوسمانی هەڵگەڕانەوە

دەبێ ئەوەش بزانین کە درایڤەر زۆر وورد نی یە لە دیارکردنی ناوی شوێن و کەساندا هۆیەکەشی ئەوەیە ئەو وەختەی ئەو دەستی بە نووسین کرد بوو زۆر لە مێژ نەبوو شەڕی جیهانی دوایی هاتبوو وباری کۆمەڵ و سیاسی زۆر گۆڕابووو هەموو شتێك وهەموو هەڵوێستێك باش روون نەبوبۆوە خەڵکەکە بێزار بوون و دادیان بوو لە دەست حکومەتی تورك هەروەکو درایڤەر دەڵێ، لەلایەکی دیکەشەوە خەڵکەکە لە دژی هەموو دەستدرێژی یەکی داگیرکەرانی بێگانە دەوەستان. درایڤەر دەڵێ جگە لەوە کە هەموو گەلان بۆ مافەرەواکانی خۆیان تێدەکۆشان، بەڵام هۆیەکی تر پاڵی بە کوردەکانەوە دەنا کە هەوڵی نیشتمانپەروەری بدەن و گری نەتەوەیەتی لە دڵیاندا هەڵدەگیرساند ئەویش ئەو دەنگو دۆرە بوو کە گوایا دەوڵەتانی

هاوپەیمان دەیانەوێ دەوڵەتێکی یەکگرتوو بۆ ئەرمەنەکان دابمەزرێنن کەوا بەشێکی زۆر لە کوردو وولاتی کورد دەگرێتەوە بەم جۆرە زۆربەی زۆری کوردان رایان وەهابوو مافی رەوای ئاشکرای خۆیان دەست بخەن و ئەوانیش وەکو گەلانی تر داوای دامەزراندن و پشتگیری‌ی دەوڵەتێکی کوردی بکەن، هەستیان دەکرد کە مایەی کوێرەوەری‌و داخێکی گەورەیە ئەگەر لەناو گەلانی دانیادا هەر ئەوان بێ‌بەش بمێننەوەو خەباتی دوورو درێژی ساڵانیان بەبا بچێت.

دەربارەی ئەو کەسانەش کە لە کۆڕی خەباتی کوردایەتی‌دا کاریان دەکرد درایفەر نەیتوانیوە شتێکی زۆرمان پێشکێش بکات، بەڵام بەڵگەنامەکانی تری بەریتانیا باسی هەندێکیانیان کردووە، ئەوەتا لە دایەرەی گشتی تۆمارەکانی بەشی وەزارەتی دەرەوەدا بەڵگەنامەیەك هەیە کاپتەن میلز نووسیویەتی کە ئەفسەرێکی سیاسی بووە. باسی چەند سەرۆکێکی کورد دەکات کە بابەخیان بە کاروباری گشتی داوەو لە کۆڕی کوردایەتی‌دا چالاکیان نواندووە، جگە لەمانەش باسی عەلی باتی‌و رەشید مدیاتی‌و عەبدولرەحمان شەرناخی‌و هی تر دەکات، سەرباری هەندێ لە ئەندامانی کۆمەڵەی کۆنی (یەکێتی‌و پێشکەوتن).[7]

لە دیاربەکر یانەی کوردان کرایەوەو دەستی بەکارکرد، سەرۆکەکانی یانەش ئەمانە بوون: شەربەتچی شەمدین ئوغلو عەبدولرحمان و صەلاح بەگ ئەلسەیید... ئەمانە پەخشنامەو چاپەمەنی‌یان لە شەقامەکاندا بڵاو دەکردەوەو داوایان لە هەموو کوردان دەکرد کە ببنە ئەندامی یانەکە.

لە ماردینیش یانەی کوردان لەلایەن حەوت سەرداری بەناوبانگ هەڵدەسوڕا لەوانە: عەبدولرەزاق شاهتانە وعەبدولقادر پاشاو شاکر بەگی کوڕی‌و نەجیب ئەفەندی‌و شەوکەت ئەفەندی‌و شێخی شاهتانەو قادر چەلەبی شاهتانە.. ئەمانە یادداشتێکیان نووسی کوردو تورك و مەسیحیەکان مۆریان کرد. داوای سەربەخۆیی خۆیی (ذاتی) کوردستانیان تێدا کردبوو. بەڵام زۆر کەسیش، وەکو درایفەر دەڵێ مۆریان نەکرد یەکێك لەمان مار ئەلیاسی پەتریرکی کلێسەی سریان بوو.

لە 19ی مارتی 1919دا یوسف حەیدەرو خێرەددین زەرگەلی (نووسەری ناسراو) دوو رۆژنامەنووس بوون لە رۆژنامەی (المفید) کە لە دیمەشق دەردەچوو کاریان دەکرد ووتارێکی درێژیان لەبابەت سەربەخۆیی کوردستانەوە نووسی‌و دانەیەکی زۆری ئەم ژمارەیە لە شەقامەکانی شاری حەلەبدا بڵاو کرایەوە.

لەم بابەتەوە درایفەر دەڵێ ناونیشانی ووتارەکە «نامەیەکی کراوە بۆ کو.دەکانی کوردستانی باکوورو باشوور»بوو دوو نووسەرەکە گلەیی لە برا کوردەکانیان دەکەن چونکە هەڵوێستێکی دوورەپەرێز بەرامبەر بە سیاسەت دەوەستن و داوا لە کوردان دەکەن کە چاو لە برا عەرەبەکانیان بکەن کە توانیویانە سەربەخۆیی خۆیی بۆ وولاتی خۆیان بەدەست بهێنن، بۆیە داوا دەکەن لە پێناوی کوردستانێکی سەربەست دا خەبات بکەن کە بەلای ئەوانەوە بریتی‌یە لە ولایەتی ئەرزەروم، وان و بتلیس و خەرپووت و دیاربەکرو شارانی تر.

عەلی باتی‌ی سەرۆکی کوردەکانی عەشیرەتی هاڤیرکا لە دوایی مانگی مارتدا کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ سەرۆك عەشیرەتەکان کردو لە ناوچەی مەلاتیەش دا کوردەکان یەکگرتوو بوون (لە بارەی ئەو ناوچەیەوە بروانە یادداشتە رۆژانەکەکانی میجۆر نوئێل)، کە خەلیل بەگی (بەدرخانی)ی موتەصەریف، هەروەکو درایفەر دەڵێ پشتگیری‌یەکی تەواوی خەباتی ئەوی‌ی دەکرد لە پێناوی کوردستانی سەربەخۆدا.

هەروەها درایفەر دەنووسێ: سەرۆکە کوردەکانیش لە سنووری ئێران لە شوباتی 1919دا بۆ رێکخستنی راپەڕین لە دژی کاربەدەستانی ئێران کۆڕێکیان بەست و وادیارە زۆربەی بەشدارانی کۆڕەکە دەنگیان لەگەڵ راپەڕینەکە دابوو ناوچەکانی راپەڕینە کوردییەکەش گۆمی وان و هەرێمی ئەذربێجانی ئێران بوو.

لە ناوچەی سیلوان، صادق بەگی سەرۆکی کوردەکانی جزرو

بۆ رزگارکردنی کوردستان لە رووی عوسمانییەکان راپەری. هەرچی عەشیرەتەکانی ناوچەی هەکارییە هەر لەسەرەتاوە سەربەخۆ مانەوە.

پاش ئەوەی حکومەت عەلی ئیحسان پاشای لە شوباتی 1919دا گوێزایەوە، شەوقی بەگ و صیدقی بەگ و حاجی بەگی لە شوێن ئەو دانا. لەلایەکی تریشەوە نا کۆکی نێوان عەشیرەتەکان هەروەکو درایفەر دەڵێ، کۆسپێ بوو لە رێی یەکیەتی خەباتی نیشتمانیدا.

پاش ئەوە دەنووسێ: سەرۆکەکانی شاری سیڤرك سەردانی کاربەدەستانی دیاربەکریان کردو بریاریان دا چەند پەلێکی چەکدار لە تورك و عەشیرەتە کوردەکان پێکەوە بنێن بۆ بەربەرەکانێی بیانییەکان لە سیڤرك و دیاربەکرو ئورفە. مەحموود بەگی سەرۆکی عەشیرەتی مللیو عەبدولقادر دیرایی[8]

سەرۆکی عەشیرەتی کوردەکانی قەرە کیچ لە بەندیخانە بەردران و حکومەتی تورك بەڵێنی دا کە مەحموود بەسەرۆکی عەشیرەتی مللی کە گەورەترین عەشیرەتە دابنێ، ئەویش لەگەڵ هەندێ سەرۆك و لەگەڵ عەشیرەتی (جحیش)ی عەرەب رێك کەوت کە پەلاماری بێگانەکان بدەن.

لە 12ی مارتی 1919دا سەرۆك بسراویو چەند کەسێکی کەم لە هەڤالآنی سەری لە سەر کردەکانی سوپای ئینگلیز دا.[9]

هەر لەو کاتەشدا جەودەت بەگ (لەوانەیە دکتور عەبدوڵلا جەودەت بێ) وعەبدولقادر پاشا (شەمدینانی) سەرۆکی (کۆمیتەی) سەربەخۆیی کوردستان نوینەرانی خۆیان نارده ناو عەشیرەتە کوردەکان بۆ هاندانیان و شەرکردن لە دژی بیانییەکان. بەڵام چەند سەرۆکێکی زۆرکەم رایان لەگەڵ دان لەوانە خەلیل جازال کە لە عەمباریداغ بەرەو باشووری ماردین دادەنیشت، هەروەها سەرۆکەکانی کوردی غورزو حسین باکاروی ماسیرتا، لە هەمووشیان بەهێزتر خەلیل جازال بوو کە نزیکەی 5000 چەکداری دەبوو.

لە 1919دا هەواڵ واهات کە هەوڵ درا یانەیەکی کوردان لە شاری ئورفە بکرێتەوە، بەڵام ئەم هەواڵە نەهاتەدی، تاقانە هۆی ئەمەش ئەوەبوو کە هەڵوێستی سەرۆکەکانی ئەم شارە هێشتا یەك لایی نەبووبوو. لەلایەکی دیکەشەوە هێزەکانی عوسمانی لەگەڵ هێزەکانی عەشیرەتی مللی رێك کەوتن و سێ تۆپی مەیدانیان بە مەحموود بەگ دا.

هەروەکو لەمەوپێش گوتمان و دەبێ بڵێین درایفەر سوودی زۆر لە نووسین و یادداشتە رۆژانەکانی مێجور نۆئیل وەرگرتوە بەنموونە درایفەر چەندوچونی باری سیاسی شاری دیاربەکر لە مایسی ئەو ساڵەدا بەم جۆرەی خوارەوە لە یادداشتەکانی نۆئیل وەردەگرێت:

«بۆ ئەوەی شتێکی راست دەربارەی یانەی کوردان بڵێین، پێویستە دانی پێدابنێین کە ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی ئەو یانەیە بۆ بەختیاریو بەرژەوەندی کوردستان کاردەکەن، بەرای من چاکترین ئەندامەکان بریتین لە:

کامیل بەگ خەیالی زادەو شەوکەوت کوری ئیسماعیل زازاو ئیحسان بەگ و دکتۆر فوئاد بەگ (لە ئەنجامی بەشداربوونی لە شۆرشەکەی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی 1925دا لە سێدارە درا) وئەکرەم بەگ. سەرەتا یانەکە لە ژێردەستی حکومەتی تورك دا بوو بەڵام پاشان زیاتر سەربەخۆ بوو تا ئەو رادەیەی حکومەتی عوسمانی دایخست و سەرۆکەکانیشی لە 4ی حوزەیراندا لە بەندیخانە نا».

درایفەر دەربارەی ئەو بەندوباوەی داکەوتبوو سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتی ئەرمەنی دەڵێ: ئەگەر جارێکی دی کوردستان بکەوێتەوە ژێر دەستەڵاتی عوسمانییەکان ئەوا هەلی چارەسەرکردنی مەسەلەی ئەرمەنەکان بەشێوەیەکی ئاشتیانە لە دەست دەچێ. هەر لەبەر ئەوەش بوو مێجەر نۆئیل (لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە) مەرەخەس کرابوو بەناوی حکومەتەوە جاری لێبووردنی هەموو ئەوانە بدات کە لە قەسابخانە (جێی داخە)کەی ئەرمەنییان دا بەشدارییان کردبوو. واتا لێبووردنی

گشتی بریاردا.

مێجەر نوئیل لە یادداشتە رۆژانەکەی مانگی مارت تا نیسانی 1919دا روونی کردوەتەوە لەو بروایە دایە مەسەلەی نەتەوەیی پێشەنگی هەموو ئاوات و داخوازییانە، بەردەوام ئەو هەستو هۆشە رەوایە پەرە دەستێنێ. وەنەبێ کوردیش حەز بە هەراو ئاژاوە بکات بەهیچ جۆریك، ئەگەر مافە رەواکانیان بەهەند بگیرێت.

هەر لەو لێکۆڵینەوەیەی درایڤەردا گەلێ زانیاری دەربارەی ژین و گوزەرانی عەشیرەتەکان و گەلی کورد دەخوێنینەوە، بەشێکیشیان تا زەن، واتا گرنگن، لەم رووەوە لێکۆڵینەوەکە لەچاو مێژووی ئەو ماوەیە دا بە سەرچاوەیەکی یەکەمین و رەسەن دادەنرێت، ئەوەتا دەبینین ناوی عەشیرەتەکان و هەواریان و سەرۆکەکانیانی باس کردووەو نەخشەیەکیشی لە پاشکۆدا داناوە، لێرەو لەوێش هەندێ ژمارەی نووسیوە وەکو ئەوە کە دانیشتوانی شاری ماردینی بەنزیکەی 40000 کەس داناوە وسێ عەشیرەتی کوردی ناسراوی تێدا نیشتەجێیە کە ئەمانەن میشکی، داشی و میدلیکانی. لای وایە دیاربەکر بەناوبانگ ترین شاری باکوورەو50000 کەسی تێدا دەنیشێ و کوردەکانی شاری نسێبین بە نزیکەی 6500 خێزان. دادەنێ و ئەو عەشایەرەی لەم شارەدا دادەنیشن ئەمانەن: داکشوری و تامیکی ی کورد و (طەی)ی عەرەب. درایڤەر دەنووسێ، یانەی کوردانی دیاربەکر، یەکەم هەل لە دژی دەسەڵاتی ئینگلیز لەناوچەکەدا کەوتە جموجوڵ و بەرێوەبەرەکانی لە 21ی مارتی 1919دا بەم مانایەوە بەیاننامەیان بلاو کردەوەو لەگەڵ سەرۆکە کوردەکان و غەیرەکورد کۆ بوونەوە، لەوانە حاجی ئەحمەدی سەرۆك عەشیرەتی سەرکوجی و سەردیم پاشای سەرۆکی کوردانی حازۆ ومفتی ی شیڤرك و دوو گەورەی دیریك، بەیەکەوە مشووری پارێزگاری ماردین و دیاربەکریان لە هێرشی بەریتانیەکان رێك خست. هەر لەوکاتەشدا نەجمەدین کوری ئەمین ئەفەندی و شەوکەت بەگیان ناردە مدیات بۆ هاندانی خەڵکەکەی. شایانی باسە قەشەی سریانە کاتولیکەکانیش یەکێك بوو لە دوژمنانی دەستەلاتی بەریتانیا.

لە 25ی مارتدا لیژنەی نەتەوەیی کورد لە ئەستانبول بەرێگەی مووسڵەوە نوێنەرانی خۆی ناردە سلێمانی. نامەی تایبەتیان بۆ کوردی ناوچەکە پێبوو تا لە پێناوی سەربەستی ی وولاتەکەیاندا کار بکەن، سەرۆکی نوێنەرەکان دەوڵەمەندێکی رواندزی ی تەمەن 45 ساڵی بوو ناوی خلوصی بەگ و پەیوەندی بە بنەماڵەی بەدرخانی یەوە هەبوو. جاران کابرایەکی خاوەن دەسەڵات بووو بەو ئامانجە تێکەڵ بە جووڵانەوەی کوردی بو بوو بەڵکو لەو رێگەیەوە دەسەڵاتی جارانی بگێرێتەوە کە حیزبی (یەکێتی و پێشکەوتن) لێ ی زەوت کردبوو.

یەکێك لە ئەنجامەکانی ئەو هەراو ئاژاوانە کوشتنی کاپتەن پیرسن بوو بەدەستی عەشیرەتی گۆیان لە 4 نیساندا لە نێوان بیلوو میرگی دا، کەوا بەقسەی عەبدولرەحمان (شەرناخی) داردەستی ئەحمەد حیلمی ئەفەندی کوری حاجی محەممەدی خلوارزی ی مفتی ی جزیرەی ئیبن عومەر کوژرا. . . دەنگ وابوو ئەو عەبدولرەحمانە لەگەڵ سەرۆکی کوردەکانی صالحان رەمەزان و کەسانی دی لە دژی بیانییان کۆمەڵیان بەستبوو لە ئەزیخ دا چەك و تفاقیان کۆ کربووەوە.

لەبەری ئێرانەوە هەواڵ واگەیشت کە کوردەکانی ئەوێ لە رووی حکومەتی بێهێز راپەریون و حاکمی شاری سەلماسی نزیك گۆمی ورمێیان گرتووە (خوێ)یان گەمارۆ داوە، بەڵام دەنگوباسەکانی جێگری قونسوڵی ئیسپانی لە سەلماس جۆراو جۆر بوو، کە گوتویەتی هۆی بنەرەتی هەراکە دەگەرێتەوە بۆ ناردنی بۆمبایەك بۆ ئیسماعیل ئاغا (سمکۆ) و تەقینەوەی و لە ئەنجامدا کوژرانی چەند کەسێك لە پیاوەکانی. قونسوڵەکە گرتوویەتی ئیسماعیل ئاغا لە راستیدا دۆستی مەسیحیەکان بووو حەزی دەکرد بگەرێنەوە هەواری خۆیان، ئنجا درایڤەر دەڵێ دەگوترا ئیسماعیل ئاغا سمکۆ لە (نەهری) دادەنیشی و سەرۆکی کوردەکانی شوکاکە، کوردەکانی گەردی و برادۆستیش دان

بەسەرۆکایەتی دادەنێن، بەڵام ڕەنگبێ ئێستا لێی جیابووبنەوە. سمکۆ لەگەڵ عەبدولقادر (شەمدینانی) ناکۆك بوو. هەردوو بنەماڵەش خۆیان لە ڕووسیا نزیك دەکردەوە، پاش ڕووخانی ڕووسیا ڕوویان کردە تورکیا، پاش ڕووخانی تورکیاش هەوڵیان دەدا لەسەر حیسابی ئەو ئاواتی خۆیان بهێنتە دێ.[10]

درایڤەر لەبابەت پیاوانی جووڵانەوەی کوردیی‌یەوە دەنووسی بەم شێوەیە زەحمەت دەبێ بیرو باوڕو نیازی بەرزی ئەوانەی لە ئەستانبوڵ داوای تێکۆشان دەکەن لە پێناوی جووڵانەوەی کوردیدا پێوانە بکرێت، هەروەها ئەوانەش کە لە کوردستاندا ئەو جۆرە کارەیان لە ئەستۆ گرتووە، تەنیا ژمارەیەکی کەمیان لە (تاقیکردنەوە) یەکی ووردی لەم بابەتە دەردەچن، چونکە زۆربەیان بەدوا بەرژەوەندی خۆیان کەوتوون.

ئەگەر وامان دانا، درایڤەر دەڵێ، کۆنگرەی ئاشتی دانی بەسەربەخۆیی کوردستان دا نا، هەڵبژاردنی حوکمڕان پێویستی بەچارە سەرکردن دەبێت. لە لایەکی ترەوە درایڤەر سەردارو سەرۆکە کوردەکان ئەوانەی بەکەڵکی ئەوەبێن بۆ حوکمڕانی یەکەم ناودێر بکرێن باس دەکات و لە نێوان ئەواندا مەحموودی سەرۆکی عەشیرەتی مللی بەدڵەو لای وایە مەحموود ئینتیدابی بەریتانیای پێخۆش دەبێت.[11] هەروەها دەڵێ چاودێریکەران گشت لەسەر ئەو ڕایەن کە ڕەگەزی هاندان لە جووڵانەوەی کوردیدا سەرچاوەکەی لە ئەستانبوڵە. ئەوەی ئاشکراشە سەرکردەکانی ئەم جووڵانەوەیە بریتین لە عەبدولقادرو سەید تەهای زاوای‌و دکتۆر عەبدوڵلا جەودەت و سلێمان نەظیف و کوڕانی بەدرخان. ثورەییا بەگیش یەکێکە لەو بەدرخانییانەی لە میصر دادەنیشن و لایەنگرێکی توندی بەریتانیایە. ئەو حیزبە نەتەوەیی‌یە ڕاستەقینەش کە لە ئەستانبۆڵ کار دەکات لایەنگری بەریتانیایە نەك تورکەکان. لەلایەکی تریشەوە حیزبی کوردی ـ تورکی بەگشتی ئەندامانی (یەکێتی‌و پێش کەوتن) دەینوێنن.

بەم شێوەیە لێکۆڵینەوەکەی درایڤەر پڕە لە شیکردنەوەو زانینی گرنگ و نوێ‌و بەتام و دلڕاکێش، لە ئەنجامدا وای دەبینێ سەرەڕای لێنەهاتوویی زۆربەی سەرکردە کوردەکانی جووڵانەوەی کوردایەتی بەڵام هی‌واش هەیە کە بیروباوەڕی بەرزو پاك پاڵیان پێوە دەنێ کار بکەن، جا شتێکی سروشتی‌یە ئەم بەشە لایان وابێ ئەگەر کورد حوکمێکی خۆیی (ذاتی) دەست بکەوێ، مەرجێکی سەرەتایە بۆ بەردەوام بوونی قەوارەی نەتەوەیی‌و سیاسی‌ی گەلی کورد. بەڵام لەلایەکی ترەوە گومان لە توانای کورد دەکات بۆ وەرگرتنی ئەسپابەکانی شلرستانەتی بەیەك جار کەوا گەلانی ئەورووپا بەچەند سەدەیەك پێی گەیشتوون لەبەر ئەوە لای وایە دەبێ دەوڵەتێك لە دەوڵەتە گەورەکان بە ئینتیداب کاروباری وولاتی کورد هەڵسووڕێنێ.[12]

لێکۆڵینەوەکەی درایڤەر بەشێکی تری بەناوی (زیادکردن و ڕاستکردنەوە) یەو دەڵێ ئەو چەند بڕگانەی خوارەوە دەربارەی عەشیرەتە کوردو ئەرمەنە تێکەڵاوەکانە جەنابی مەگردیجیانی قەشەی ئەرمەنی نووسیویەتی کە لە ساڵی 1896 ەوە لە قونسوڵخانەکانی بەریتانیادا کاری دەکردو لە ساڵی 1904دا بووە جێگری قونسوڵی ئینگلیزی لە دیاربەکر.[13]

لە دواییدا، لە ڕاستی دوور ناکەوینەوە ئەگەر بڵێین یەکێك لە مەرجەکانی کوردناس ئەوەیە بەلای کەمەوە بابەتێکی نووسیبێ کە ناونیشانی کوردی پێوە بێت، یان بابەتێکی بۆ کاروبارێکی کوردەواری تەرخان کردبێت و لە چەند ڕێکەوت و بۆنەیەکدا بەنووسین یان بە ئاخاوتن یان لە کۆڕی تۆمارکراودا باسی ئەو باس و بابەتانەی کردبێ، بێگومان ئەمانەش لەو ماوە کورتەی دوای شەڕی یەکەمی جیهاندا ئەوەی دەست نیشانمان کرد کەمن، بەڵام لەپاشانا ژمارەیان ڕووی لە زیادی کرد.

(ع. بیمار کردوویە بەکوردی)

پەراوێز:

* نووسەر ووشەی کوردلۆغ و مستکردی عەرەبی بەکارهێناوە، من کوردناسم پێ باش بوو بەڵکو لە هەر دوو زاراوە ئینگلیزیو عەرەبییەکەشم لا پەسندترديت. (بیمار).

(1) بۆ زێدە روون کردنەوەو بەربلاویی بابەتی کوردناسی واچاکە باسە بەکەڵکەکەی د. جمال نەبەز بخوێنەوە کە بەناوی (کورتە مێژوویەکی کوردناسی لە ئەلمانیادا) بەکوردی لە چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد - 1974 چاپ کراوە.

(2) Note On The Kurdish Situation by Major E. M. C. Noel, Political department, Govt. of India, on Special Duty in Kurdistan, July, 1919

(3) بروانە (کردستان في عهد السلام) د. احمد عثمان - گۆڤاری (الثقافة) ژمارە 11 - 12 کانوونی یەکەم، بەغدا 1979، ژمارە (1) و (2)ی 1980.

(4) Driver, G. R. Kurds and Kurdistan stime 1919.

Printed by The G. S. I. Printing Sectiom, Mont Carmel, Pale

لێکۆڵینەوەکانی تری درایفەر ئەمانەن:

1 - بلاوبوونەوەی کوردان - گۆڤاری کۆمەڵەی ئاسیایی، کەرتی چوارەم، لەندەن /1921.

2 - ناوی کوردو پەلوپۆ زمانەوانەکانی - هەر ئەو گۆڤارە/ 1923.

3 - ئاینی کورد، گۆڤاری قوتابخانەی خوێندنە رۆژهەلاتییەکان، بەرگی (2)، لەندەن، 1921 - 1923.

4 - چەند لێکۆڵینەوەیەك لە مێژووی کورد، هەر ئەو گۆڤارە خۆی، بەرگی (3) 1921 - 1923.

5 - باسێك لە گۆڤاری ئاسیایی، بەرگی (17)، ژمارە (52)، لەندەن 1922.

(5) Longrigg. S. (IRAQ 1900 - 1950) London. P. 410

(6) ئەو بۆچوونە هەڵەیەو لەسەر چ بەڵگەو سەرچاوەیەکی ئەم بابەتە دانەمەزراوە.

(7) (PRO), AIR 20 - 721, 5132, Mousul (8 Th April, 1919) To: G. H. Q. Mills, Capt. S. S. O. Kirkuk, P. P. 23.

میلز ناوی هەندێ لەو سەرۆکە کوردانە دەهێنێ کە لە جووڵانەوەی کوردایەتی‌دا کاریان کردووە وەکو لە دیاربەکر مستەفا بەگ و زولفی بەگ و عادل بەگ و شەریفی کوری مفتیو حەقی بەگ و دکتۆر جەودەت و موصللو محەممەد لە ماردینیش قادر بەگ و حاجی عەبدولرەحمان کاواس وسەرۆکی پێشووی شارەوانیو سەرۆکی شارەوانیی نسێبین و قادوس بەگ. دەڵێ زولفی بەگ و قادر بەگ بران و دکتۆر جەودەت نزیکترین هاوڕێی رەشید پاشای والی پێشوو بوو ئەوەی خۆی کوشت.

(8) هەر لەو سەرچاوەی پێشووەدا دەربارەی سەرۆکی عەشیرەتی قەرە کێچ نووسراوە: سەرۆکی عەشیرەتی قەرە گێج کە عەبدولقادر الا درغە لە بەندیخانەی دیاربەکر بوو، هەروەها ئیسماعیلی کوری ئیبراهیمی سەرۆکی عەشیرەتی مللی لە شوباتی 1919دا لە بەندیخانە دابوو... ل (3).

(9) ئەمانە کاتێك روویان دا ئەودەمەی هێزی ئینگلیز چەند ناوچەیەکی وەکو دیاربەکرو ئورفەو مدیاتی لە شوباتی 1919دا بەپێی بەندەکانی شەڕوەستانی مودروسی نێوان تورکیاو هاوپەیمانەکان داگیر کرد.

لە ئەنجامدا سەرۆکەکانی تورك و کورد بەرامبەر بە باری تازە جوێ جوێ هەڵوێستیان پیشان داو هەڵوێستێکی یەکگرتوویان نەبوو، چونکە رووداوەکان زوو دەهاتن و دەچوون و لەو ماوە کورتەی دوای شەڕی یەکەمی جیهاندا شتی ناکاو زۆر بوو.

(10) Driver Gr Kurdistan and The Kurds, Printed by The G. S. I

(11) هەر ئەو سەرچاوەیە لاپەرە (100).

(12) هەر ئەو سەرچاوەیە لاپەرە (102).

(13) هەر ئەو سەرچاوەیە لاپەرە (103).